# کارپێکردنی منداڵان و دەرهاویشتە خراپەکانی لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی دەرکردو، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام پەسەندیان کرد. دواتر ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٨٩ تایبەت بە مافەکانی منداڵان پەسەند کرا. هەر لە پەراوێزی ئەو یاسایەدا ڕۆژی ١٧ / ٦ وەك ڕۆژی جیهانیی کارپێنەکردنی منداڵان دیاری کرا، لە یاسای کاری عێراقیش کارکردن بە چینی منداڵان سنووردار کراوە. بەهەمان شێوە لە یاساکەدا قەدەغە کراوە منداڵ بۆ کاری سواڵکردن بەکاربهێندرێت، بەڵام وێڕای هەبوونی ڕێککەوتنامەی پاراستنی مافەکانی منداڵ و چەندین مادە و بڕگەی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانی منداڵ، کەچی لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە نەتوانراوە وەکو پێویست مافەکانی منداڵ دەستەبەر بکرێت، تەنانەت زۆرجار لەلایەن بەخێوکارانەوە لە تەمەنێکی بچووکدا منداڵ کاری پێ دەکرێت، یان ناچاری دەکەن سواڵ بکات، شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونزانی ڕایان وایە بەو جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ کاریگەریی خراپی دەروونی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەن لەسەر خودی منداڵەکە جێدەهێڵێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

مەلا ڕەعد ئۆمەربلی پێشنوێژ و وتارخوێن و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، دەڵێت: «لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا، واجبە لەسەر دایك و باوك کە ئەو منداڵە بەخێو بکەن و، پەروەردەیەکی جوانی فێر بکەن و، جیاوازیی ڕەگەزی لە نێوانیاندا نەهێڵن، هەروەها لەدوای تەمەنی حەوت ساڵی پەروەردەی ئایین و نوێژیان فێر بکەن و فێری ڕێز و خۆشەویستی بکرێن، هەروەها دایك و باوك دەبێت ژیانی منداڵی خۆیان دابین بکەن، کوڕ تا تەمەنی بلووغ (کامڵبوون) واتە لە سەرووی تەمەنی (١٥) ساڵی و کچ تا ئەو کاتەی شوو دەکات و ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، کەواتە بە پێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە بۆ منداڵ لەسەر دایك و باوك واجبە.» لە بارەی کارپێکردنی منداڵیش ئەو مامۆستا ئایینییە گوتی: «منداڵ دیاری و خەڵات و ئەمانەتی خودای گەورەیە لە لای دایك و باوکان دانراون، بۆیە دەبێت منداڵان بە خوێندن و هەندێك گەمەی گونجاو سەرقاڵ بکرێن، نەك کارپێکردن و پارە پێ کۆکردنەوە، ئەگەر ویسترا، لەبەر ئەوەی فێری کار ببێت و لە داهاتوو کەسێکی خاوەن پیشەی لێ دەربچێت، دەکرێ وەکو شاگرد لەلای کەسێکی دەست و داوێن پاك و بە ویژدان دابنرێن، بەڵام کارکردن بە منداڵ لەسەر جادە و لە هەندێك کارگە، بە هیچ پاساوێك دروست نییە لەو شوێنانە کاریان پێ بکرێت.»

مەلا ڕەعد ئۆمەربلی، لە درێژەی ڕێنماییەکانیدا باسی ئەوە دەکات، »ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە سواڵکردن نادات و هانی خەڵکی داوە بە کارکردن، ئەگەر سواڵکردن بۆ کەسی گەورە و بەتەمەن ڕێگەپێ نەدراو بێت، کەواتە هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەو کەسانەی سواڵ بە منداڵەکانیان دەکەن، ئەم کارە لە ئیسلامدا حەرام و قەدەغە کراوە. لەمە خراپتر ئەوەیە خەڵکانێکی چاوبرسی کار بە منداڵانی هەژار دەکەن، یان لەلایەن هەندێك سواڵکەر ترافیك و شوێنە قەرەباڵغەکان داگیر دەکەن، یان بە یەکتری دەفرۆشنەوە.»











سۆما عەبدوڵڵا، قوتابیی قۆناغی چواری بەشی پەروەردە و دەروونزانییە لە زانکۆی کۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات، «ئەو کەشە دەروونییەی کە تاك تیایدا دەژی، کاریگەریی خۆی لەسەر کەسایەتی بەجێ دەهێڵێت. ئەگەر ژینگەی دەروونیی منداڵ بێبەشبوون و هەڕەشەلێکردنی لەخۆ گرت، ئەوا کاریگەریی نەرێنی و خراپ لەسەر منداڵ بەجێ دەهێڵێت. دەروونشیکاری گەورە (زیگمۆند فرۆید) رای وایە تەمەنی منداڵی زۆر گرنگە بەتایبەت (پێنج ساڵی یەکەم ) کە کاریگەریی زۆری لەسەر داهاتووی منداڵ و گەشەی کەسایەتیی منداڵ هەیە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی منداڵێکی دەروون دروست و تاکێکی سوودبەخش بۆ کۆمەڵگە دروست بکەین، دەبێت هۆشیار بین و هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە ناچار بە کارکردنیان نەکەین.» هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە کارکردنی منداڵان لە دەرەوە و شەقام و شوێنە گشتییەکان بووە بە دیاردەیەکی ناشیرین و رۆژ بە رۆژیش روو لە زیادبوونە، ئەوەش دەرهاویشتە دەروونییە خراپەکانی ئێجگار زۆرن. جێی باسە زۆرێك لەو منداڵانە بە هۆی خراپیی باری ئابووریی خێزانەکەیان پەنا دەبەنە بەر کارکردن و، هەندێکی دی لەو منداڵانەن کە دایك و باوکیان لێك جیابوونەتەوە و سەرگەردان بوون و، لەلایەن کەسانێکەوە بەکاردەهێنرێن. بە هۆی کارکردنەوە منداڵ لە خوێندن بێبەش دەبێت و، چێژ لە کاتی منداڵیی خۆی نابینێت، هەروەها تووشی چەندین رووداوی نەخوازراو دەبێتەوە. هەروەها زۆرێك لە منداڵانی بەرکار تووشی دەستدرێژی سێکسی دەبن، یان هەڵدەخەڵەتێندرێن و بۆ کاری نابەجێ و نادروست بەکار دەهێندرێن، ئەمانەش هەم لە رووی جەستەییەوە، هەم لە رووی دەروونییەوە کاریگەریی نەرێنی و خراپ لە سەر منداڵەکە بەجێ دەهێڵن. ئەو کاریگەرییە خراپانەی کە بە کارکردنی منداڵ لەسەر دەروونی بەجێ دەمێنێت، دەبێتە کێشەیەکی درێژخایەن بۆ ئەو منداڵە، توێژینەوەکانیش دەری دەخەن، منداڵانی کارکەر تووشی (خەمۆکی، بێ هیوایی، شەرمنی، دڵەڕاوکێ، خۆ بە کەم زانین و لەدەستدانی متمانە) دەبن. واتە ئەو منداڵانە لە داهاتوودا کەسایەتییان لاواز دەبێت و، ناتوانن وەك هەر کەسێکی ئاسایی ژیان ببەنە سەر، رەنگە کەسایەتیی خراپ و شەڕانگێزیشیان لێ دەربچێت و ژیانیان لا پەسند نابێت و دەروون دروست نابن.

بۆیە پێویستە خێزانەکان هۆشیار و ئاگادار بکرێنەوە لە کاریگەرییە دەروونییە خراپەکان کە تووشی منداڵ دەبێت لەکاتی کارکردن و پێویستە بەردەوام رێنمایی بڵاو بکرێتەوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی تاکێکی رۆشنبیر و دەروون دروست».



## شەوبۆ:

# پێویستە دایکان بەهێز بن، چونکە کچەکان هێز و بڕوابەخۆ بوون لە دایکیانەوە وەردەگرن

**زۆرن ئەو ئافرەتانەی کە بە دەستی کەسە نزیکەکانیان ستەمیان لێدەکرێت، شەوبۆ لەبەر هەڵەیەکی براکەی باجی قورسی داوە و بێ ویستی خۆی بەهۆی ژن بوونیەوە غەدرەکانی قبوڵ کردووە، ئەو یەکێکە لەو قوربانیانەی کە بە دەستی باوکی خەونەکانی لە گۆڕنراوە.**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

# فەرهاد عوسمان: پێویستە حکومەت بۆ نەوجەوانانی خانە

**فەرهاد عوسمان توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی/ هەولێر لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە رەوشی منداڵانی بێ سەرپەرشت دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە لەڕووی یاساییەوە نەوجەوانان لە خانەی**

**گولان: کۆمەڵایەتی**

وەك خۆی باسی دەكات لە دوای دەرچوونیان لە خانەی بێ سەرپەرشتان شوێن و جێگەی مانەوەیان بۆ دابین بکرێت، هاوکات گوتی:» خانەی منداڵانی بێ سەرپەرشت لە هەولێر نزیکەی ٦٠ منداڵن ٤٠ کوڕ و ٢٠ کچ بەڵام ئەم ژمارەیە جێگیر نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، بە حوکمی ئەوەی هەندێك منداڵ دەگەڕێنەوە ناو خێزانەکانیان یان منداڵی تازەمان بۆ دێت.»

دەربارەی دۆخی منداڵەکانیش ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە گوتی:»سەرەڕای باشی بارودۆخی منداڵەکان لە خانەکان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێم و کەسانی خێرخواز کە جێگەی سوپاس و دەستخۆشییە، بەڵام چەند کەم و کوڕی و گرفتێکمان هەیە، زۆرجار منداڵمان بۆ دێت کە هی ئەوە نین بێنە خانە یان راستەوخۆ تێکەڵی منداڵان و نەوجەوانانی خانەکەمان بکرێن، بۆ نموونە کە منداڵ توندوتیژی بەرامبەر کراوە یان دایك و باوك مامەڵەی جیابوونەوەیان دەبێت بەهۆی بێ جێگەیی حاکم رەوانەی لای ئێمەی دەکات، لە هەموو ئەوانە خراپتر منداڵێك لە نیوەی شەودا بە هەر هۆکارێك لە هۆکارەکان لەسەر شەقام نووستووە و بەبێ زانینی هۆکارەکان دیسان راستەوخۆ رەوانەی خانەی بێ سەرپەرشتان دەکرێت، بێ ئەوەی بزاندرێت کە ئەو منداڵە رەفتاری چۆنە یان چ نەخۆشییەکی گوازراوەی هەیە، رەنگە ئەو نەوجەوانە

شەوبۆ بەمجۆرە رازی دڵە شکاوەکەی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان ئاشکرا دەکات و دەڵێت: «تاقە کچی دایك و باوکم بووم، هەموو قۆناغەکانی خوێندنم بە قۆناغی زانکۆشەوە بە سەرکەوتوویی تەواو کرد، بەڵام هەلی دامەزراندنم بۆ نەڕەخسا، پار شوانەی برام بە ئوتۆمبێل لە ئافرەتێکی دا و کوشتی، براکەم دەستبەسەر کرا، باوکم و خزمەکان چەندین جار ریش سپی و پیاوماقوڵیان ناردە لای ماڵی ئافرەتەکە بۆ ئەوەی لە رێگەی سوڵحی عەشایەری پێك بێن و براکەشم ئازاد بکەن، بەڵام بێ سوود بوو ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت کچێك بدەین بە هاوسەری ژنە کوژراوەکە، ئەوەش تاکە مەرجی سوڵح کردنەکەیان بوو، لە کاتێکدا ئەو پیاوە نەخوێندەوار بوو و چوار منداڵیشی هەبوو، باوکم بەوە رازی بوو بێ ئەوەی پرس بە من بکات، بەڵام من ئاگام لەم کەین و بەینە نەبوو، ئێوارەیەك لە بازاڕ گەڕامەوە بینیم ماڵمان قەرەباڵغە کە چوومە چێشتخانە دایکم دەگریا، منیش دڵم خورپەی کرد و لێی نزیك بوومەوە و پرسیم دایە شوانە شتێکی بەسەرهاتووە؟ چی رووی داوە؟ دایکم باوەشی پێدا کردم و بە دەنگی نووساو و چاوی پڕ فرمێسك گوتی تاقانەکەم ئەوانە کەسوکاری ژنەکەی و هاتوون بۆ ئەوەی تۆ لەبری خوێن بدەین بەو پیاوە، ئەوکات دنیا لەبەر چاوم رەش بوو، خەمم لە یەك شت خوارد کە بۆچی باوکم و مامەکانم پرسیان بە من نەکردووە، بۆچی وەکو مەڕ و بزن مامەڵە بە چارەنووسی من دەکەن، بەڵام بە دڵێکی خۆش و سەد دڵی ناخۆش ناچاربووم رازی بم، چونکە هیچ چارەیەکم نەبوو، دوای ئەوەی هاوسەرگیریم لەگەڵ ئەو پیاوە کرد راستەوخۆ براکەم ئازاد کرا، مەینەتییەکانی ژیانی منیش لەو کاتەوە دەستی پێکرد، لە گوندێکی دوورە دەست لە ماڵێکدا دەژیم جگە لە چوار منداڵەکە خەسوو و خەزووریشم لەگەڵماندا دەژین، سەرباری هەموو ئەوانەش خەسووم پێم دەڵێت نابێت منداڵت ببێت، ئەگەر منداڵت ببێ ئەوکات ئاگات لەو منداڵە بێ دایکانە نامێنێت، چەند جارێك لەگەڵ دایکم قسەم کردووە، بەڵام ئەو تەنیا دەسەڵاتی گریانی هەیە و هیچی تر، باوکیشم بێ دەسەڵاتی دایکمی ئیستیغلال کردووە و دەیەوێ منیش وەکو دایکم بە هەموو شتێك رازی بم.»

شەوبۆ لە درێژەی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر هەر ئافرەتێك کە بوو بە دایك هەوڵی ئەوە بدات بەرامبەر بە سەختییەکانی ژیان زۆر لە جاران بەهێز تر بێت، هاوکات گوتی: «پێویستە دایکان بەهێز بن، چونکە کچەکان هێز و بڕوا بەخۆبوون لە دایکیانەوە وەردەگرن، بۆ نموونە ئەگەر دایکی من بوێر بووایە لە جیاتی گریان و شیوەن لە رووی بابم دەوەستایەوە و بە زیندەبەچاڵ کردنم رازی نەدەبوو.»



# ــــــەی بێ سەرپەرشتان پلانێکی درێژخایەنی هەبێت

**بێ سەرپەرشتان بۆیان هەیە تا تەمەنی ١٨ ساڵی و تا تەواو کردنی خوێندن بمێننەوە، بەڵام بەهۆی بێ جێگەیی دوای تەواو بوونی ئەو ماوە یاساییە گرفتی بۆ دروست کردوون و داوا دەکات بایەخی زیاتر بەو توێژە بدرێت.**

کۆمەڵێك رەفتاری خراپی هەبێت کە بەیەك شەو رەفتاری وا فێری منداڵەکان بکات ئێمە نەتوانین بە یەك ساڵ چارەسەری بکەین، هەروەها زۆرجار نەوجەوانی کچمان بۆ دێت کە هەڕەشەی لەسەرە لە کاتێکدا کەسی هەڕەشەلێکراو نابێت بێتە خانەی بێسەرپەرشتان بەڵکو بنێردرێتە شەڵتەرەکان، هاوکات نەوجەوانان بەپێی یاسا تاوەکو تەمەنی ١٨ ساڵی یان خوێندن تەواو دەکەن بۆیان هەیە لای ئێمە بمێننەوە، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت بۆ ئەو نەوجەوانانەی تەمەنی یاسایی خۆیان تەواو دەکەن بۆ هەردوو رەگەز پلانێکی درێژخایەنی هەبێت، لانی کەم شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین بکات، هەروەها لە ئیشێکدا دایان بمەزرێنێت، چونکە کە بوونە خاوەن کارێك ئەوکات دەتوانن شوێنی نیشتەجێ بوون بۆخۆیان دابین بکەن، بەداخەوە تاوەکو ئێستا تەنیا لە رێگەی خێرخوازان خەمی لێ خواراوە، ئەویش بە سیستەم و پڕۆگرام نییە، لە کاتێکدا ئێمە بەڕێوەبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان هەیە، پێویستە کۆمپانیاکان ناچار بکات کە ئەولەویەتی دامەزراندن بدەن بەو گەنجانەی لە خانەی بێشسەرپەرشتان دەردەچن».



محەمەد عوسمان کەریم، ناسراو بە (محەمەد کوردە) وێڕای ناجێگیری باری تەندروستی بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشیی تالاسیمیا، گەنجێکی ورە بەرزە و بە گەشبینیەوە دەڕوانێتە ژیان، وەك خۆی باسی دەکات بەهۆی ئەو ژینگە و ئەو بارودۆخەی بەسەریدا هاتووە، توانیویەتی ببێتە خاوەنی کۆمەڵێك شیعر، لە دیمانەیەکیشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ژیانی تایبەتیی خۆی و سەرکەوتنەکانی دەکات.

گوڵان : کۆمەڵایەتی

## محەممەد عوسمان:

# داهاتی پەرتووکەکەم بە تووشبووانی تالاسیما دەبەخشم

محەمەد کوردە ساڵی ١٩٩٥ لە گەڕەکی کوردستانی هەولێر لەدایك بووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە، بەهۆی ناجێگربوونی ڕەوشی تەندروستی تووشی گرفتی گەورە بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «تەمەنم زۆر کەم بوو، دایك و باوکم سەردانی چەند دکتۆریان پێ کردم، تەنانەت یەکێك لە دکتۆرەکان بە دایك و باوکمی گوت پارەی سەرف مەکەن لەم منداڵە، چونکە دەمرێت، بۆیە ماڵەوەمان بێ هیوا دەبن و، ڕوو دەکەنە شاری مووسڵ و لەوێ دوای چەند پشکنینی تەندروستی، بۆیان بە دەردەکەوێت کەوا من تووشبووی تالاسیمام، ئەوکاتە تەمەنم ساڵێك بوو، ئیتر لەگەڵ ژینگەی نەخۆشخانە بووم بە هاوڕێ، تاکو تەمەنی شەش ساڵی زیاتر تەمەنێکی منداڵی بوو، بۆیە بیرکردنەوە لە نەخۆشییەکە بوونی نەبوو، ئەو هۆکارە دەروونییانەش کاریگەرییان لەسەرم دروست نەکرد، بەڵام دوای ئەوەی تێکەڵاو دەبم لە ژینگەی قوتابخانە و خەڵك، ئیتر لە قوتابخانە و دەرەوە پرسیارە بێ وەڵامەکان زیاتر دەبوون لەبارەی منەوە، پرسیاری بە ئازار بوون و بەشێکی پرسیارەکانیش لە سەر ئەوە بوو، بۆچی ڕەنگت زەردە، یان دەیانگوت: تۆ لە ١٨ ساڵی دەمری، منیش بێ وەڵامدانەوە و بە کۆڵێك خەمەوە سەرم

دادەنواند، بەڵام کەسێك پرسیاری نەدەکرد، بۆچی زیرەکی لە پۆلەکە و لە یەکەمەکانی، پرسیارەکان پەیوەندییان بە ئەوانەوە نەبوو، بەمشێوە بەردەوام بووم تا پۆلی نۆیەم بنەڕەتی، لە تەمەنی ١٥ ساڵی ئیتر ژیانێکی تایبەتم دەست پێ کرد و دڵنیا بووم لەوەی گەشبینی لە بیرکردنەوەکانم دەمگەیێنێتە سەرکەوتنەکانم. دووکانم دانا و لە دووکانەکەم بەردەوام کارم دەکرد و تاوەکو ئێستاش بەردەوامم».

ئەو گەنجە لە درێژەی وتەکانیدا دەڵێت: «بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بێ وەڵامەکان، چووم بۆ بە دوای گەڕانی وەڵامەکاندا لە ڕێگەی خوێندنەوەی پەرتووك و خۆڕۆشەنبیرکردن لە جومگەکانی ژیان، لە خوێندن بەردەوام بووم تاکوو قوناخی ١٢ی بنەڕەتی و توانیم نمرەیەك بەدەست بهێنم، کە لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور بەشی کوردی وەربگیرێم، ئیتر بەهۆی زیاتر تێکەڵاوبوون لەگەڵ کتێب و ژینگەی ئەدەبی بەشی کوردی، هەندێ کات دەقی بچووکم دەنووسی و وامدەمزانی دەقن، نازانم سەر بە چ ژانەرێکی ئەدەبی بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی جگە لە خوێندن کاری دووکانیشم دەکرد، بۆیە نەمتوانی لە کۆلێژی پەروەردەی مەخموور بەردەوام بم و، خۆم گواستەوە بۆ کۆلێژی پەروەردەی هەولێر لە بەشی کوردی، ماوەی سێ ساڵیشە کۆلێژم تەواو کردووە و دانەمەزراوم، بەڵام لە دوای دەرچوونم راستەوخۆ وەکو مامۆستای وانەبێژ دەست بە کار بووم، لە رۆژانی زانکۆ بە قووڵایی چووم بۆ نێو دەقە ئەدەبییەکان و هەوڵم دا، دەقەکان بڵاو بکەمەوە لە ئەکاونتی خۆم، ئەمە بوێرییەکی باش بوو کە هەوڵم بۆی دا، دواتر لە دوای تەواو بوونی کۆلێژ نەمتوانی ڕێگری بکەم لە ئیلهامە شیعرییەکان و خستمە سەر لاپەڕەکان،

ئەمەش بەهۆی ئەو ژینگە و بارودۆخانەی بەسەر مندا هات، توانیم ببمە خاوەنی کۆمەڵێك شیعر، دوای سێ ساڵ لە نووسینی شیعر بە هاوکاریی هەندێ کەس توانیم پەرتووکەکەم بە چاپ بگەیەنم و بیکەم بە پڕۆژەیەکی خێرخوازیی مرۆڤایەتی، کە داهاتی پەرتووکەکەم بە تووشبووانی تالاسیما ببەخشم و، تۆزێك لە ئازارە جەستەیی و رۆحییەکان چارە بکەم.»

محەمەد کوردە ئەوەش دووپاتیدەکاتەوە کە: «خێزانەکەم تا کۆتا خاڵەکانی گشت سەرکەوتنەکانم هاندەرێکی باش و پڕ لە وزە بوون بۆ سەرکەوتنی من .» لە بارەی نەخۆشییەکەشی دەڵێت: «دایك و باوکم هەڵگری نەخۆشییەکەن، بەڵام من و دوو خوشکم تووشبووی نەخۆشییەکە بووین، خوشکێکیشم بە منداڵی کۆچی دوایی کرد.» سەبارەت بە کار و ئامانجی داهاتووشی گوتی: «بە راستی دەمەوێ ئەم پڕۆژەیە بە سەرکەوتوویی تەواو بێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم، نەك تەنیا من، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە تووشبووانی تالاسیما لە بوارە جیاجیاکان خاوەن بەهرەی جوانن بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین، هاوکارییان بکەین، بۆ ئەوەی لەو بارە دەروونییە نائارامە رزگاریان بکەن.»

وەك خۆی باسی کرد، داواکاریی ئەو لە هاووڵاتیان ئەوەیە کەوا «هاوکار بن لە یارمەتیدانی ئەم توێژە، نەك ورووژاندن و قسەی ناشرین بەرامبەر بە تووشبووان بکەن.» گوتیشی: «داواکارم هەموو لایەنە حکوومی و حزبیەکان بە هەموو شێوەك هەوڵ بدەن بۆ دابینکردنی چارەسەر و هاوکاریکردنی ئەم پڕۆژەیە، داواکاریی تایبەتیشم بۆ مامۆستایانی ئایینی ئەوەیە کەوا بە هیچ شێوەیەك دوو تووشبوی تالاسیما لە یەکدی مارە نەکەن، چونکە نامانەوێت توشبووی زیاتر دروست بکرێت، هیواداریشم پاڵپشتیمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە شوێنە گشتیەکان و خوێندنگە و گشت دام و دەزگاکان سیمینار بکەین لە پێناو راگرتنی تووشبووی نوێ.

